## شەریف پاشا، کێ بوو؟

نووسینی: ڕۆهات ئالەکۆم    وەرگێرانی: کاوە ئەمین

بەشی هەشتەم

لە دەوروبەری سەدەی بیستەمدا، سوێدییەک کە ناوی گوستاڤ نۆرینگ بوو و عەلی نوریشیان پێ دەوێت، دەژیا، کە بۆ ڕووخاندنی سوڵتان عەبدولحەمیدیی دووەم کاری دەکرد. ئەو کتێبی دەنووسیی و وتاری بڵاودەکردەوە و، لە زۆر وڵات کۆبوونەوەی دەکرد، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی.

کتێبەکەی بە ناوی (عەبدولحەمید بە کاریکاتۆر) لە ساڵی 1903 دا لە ستۆکهۆڵم چاپ و بڵاوکرایەوە. ئەو کتێبە چەندین تێکست و کاریکاتۆری لەخۆ گرتبوو، کە ڕەخنەیان لە عەبدولحەمید و سیاسەتەکەیی دەگرت. هەروەها شیعری ساتیریشیی لەخۆ گرتبوو. لە یەکێک لە شیعرەکاندا عەبدولحەمید دەیەوێت هەڵبێت و ببێتە میوانی شەریف پاشا و شازادە ئێمینە لە ستۆکهۆڵم، بە قسەی گوستاڤ نورینگ لە حەقیقەتدا هیچ ڕێگایەک نەبووە کە عەبدولحەمید لێوەی رابکات، بەڵام ئەوەی گومانی تێدا نەبوو ئەوەبوو کە سوڵتان دەتوانێت گۆرانی خەمناگ بچڕێت. (ناوەڕۆکی شیعرە ساتیرییەکە تەقریبەن بەم شێوەیەیە: سوڵتان دەڵێت، ئاخ ئەگەر بۆ ساتێکیش بوایە لە خاکە ئاگراوییەکەی یەڵدزوە بڕۆشتمایە بۆ لای شەریف بۆ ئەو وڵاتی بەفرسانەی باکوور و ببومایەتە میوانی ئێمینە و خۆم لە بیربچوایەتەوە کە سوڵتانم و ...)

ئەوەی کە ئاخۆ شەریف پاشا و گوستاڤ نۆرینگ بە شەخسیی یەکتریان ناسیوە یان نا، زانیاریەکی وامان لەبەر دەستدا نییە. بەڵام وەکو دەبینین کە گوستاڤ نورینگ زۆر بە چاکی زانیویەتی شەریف پاشا کێیە. بەڵام هەرچی شەریف پاشایە، لە هیچ کام لە نووسینەکانیدا ناوی نورینگی نەهێناوە. دەبێت شەریف پاشا زانیبێتی، گوستاڤ نۆرینگ کێیە، کە لە نێوەندی ستۆکهۆڵمەوە دژایەتی عەبدولحەمیدی کردووە، لە کاتێکدا کە شەریف پاشا لەو کاتەدا بۆخۆی لەوێ ژیاوە.

بابزانین گوستاڤ نۆرینگ کە بە عەلی نوریش ناوبراوە کێ بووە؟

لە ساڵی 1861 لە شاری مالمۆی سوێد لە دایک بووە. ئەو لە ساڵی 1884 دا دەچێتە سەر ئاینی ئیسلام و ناوی عەلی نوری لە خۆی دەنێت. ئەو چەند ساڵێک لە وەزارەتی دەرەوەی عوسمانییەکاندا کاری کردووە.

گوستاڤ نورینگ لەگەڵ عەبدولحەمیدی دووەم دەبێتە کێشەیان و لە ئەورووپاوە دەست دەکات بە دژایەتی سوڵتان. ئەوە بوو لە کۆتایدا لەلایەن داداگای کۆستەنتنیپۆلەوە بە 101 ساڵ زیندانی بە غیاب حوکووم دەدرێت. دوای شۆڕشی 1908 ،دەگەڕێتەوە بۆ تورکیا و لەوێ دەمێنێتەوە تا لە ساڵی 1937، لە ئەستەنبوڵ دەمرێت.

شەریف پاشا و گوستاڤ نۆرینگ چەند شتێکی هاوبەشیان هەبووە، هەردووکیان ژنەکانیان شازادەو خەڵی ئەفریقا بوون. هەردووکیان لەگەڵ دەستەڵاتدارانی ئیمپراتۆری عوسمانیدا، کەوتوونەتە کێشەوە. لە ڕێگای نووسینی کتێب و گۆڤار و بڵاوکردنەوەی وتار لە ڕۆژنامەکاندا، خەباتێکی ئاشتیخوازانەیان بە دژی عوسمانییەکان دەست پێکردووە. هەردووکیان لەلایەن دادگای ئەستەنبوڵەوە، سزای سەختیان بۆ بڕدراوەتەوە. شتی جیاوازی نێوان ئەو دوو کەسەیش ئەوەبووە کە گوستاڤ نۆرینگ لە کۆتایدا گەڕایەوە بۆ ئەستەنبوڵ، بەڵام شەریف پاشا ناچاربوو کە هەموو ژیانی خۆی لە وڵاتانی جۆرواجۆری ئەورووپا بەسەر بەرێت . وەک وتمان گوستاڤ نۆرینگ لەگەڵ شازادەیەکی ئەفریقایی ئیزدیواجی کردبوو و سێ منداڵی لێی هەبوو. بە قسەی گونار یارینگ کە لە نزیکەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر ژیانی گوستاڤ کردووە، ئەو لەگەڵ شازادەیەکی تونسیی ئیزدیواجی کردووە نەک تورکی کە هەندێک لە ڕۆژنامەکان بانگاشەیان بۆ کردووە. ئەو کچی ئەمیری تونس مەحمود پاشا بەیانات بووە. بە گوێرەی ڕۆژنامەکان، ژنەکەی گوستاڤ، حەیرییە خانم لە ساڵی 1903 دا لە ستۆکهۆڵم لەسەر ژنانی عوسمانی کۆبوونەوەیەکی ڕێکخستووە.

کاتێک سەیری بەسەرهاتی ژیانی گوستاڤ نۆرینگ لەو ماوەیەی کە لە پاریس ماوەتەوە بکەین، من دەگەمە ئەو بڕوایەی کە شەریف پاشا بە گوستاڤ نۆرینگی "ڤیکینگ" سەرسام بووبێت و کردبێتییە

نمونەیەک بۆ خۆی لە خەبات کردنیدا. بە ئیحتیمالێکی زۆر ئەو کەوتبێتە ژێر کاریگەری گوستاڤەوە وەکو "شۆڕشگێڕێکی بە تەنیا" کە بەدژی سوڵتان و تورکە گەنجەکان خەباتی کردووە.

بە چاوخشاندنێک بەو شقارتانەی کە لە سوێد هەڵگیراون، دەبینین کە لە چەند دانەیەکیاندا وێنەی عەبدولحەمیدیان لەسەر کێشراوە. ئەو شقارتانە لە کارخانەی ئودڤالا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، دروستکراون، واتە ئەو کاتەی کە شەریف پاشا لە ستۆکهۆڵم بووە. بەشێک لەو وێنانەی ئەو شقارتانە لە کتێبەکەیدا دەبینرێن. ئەوەش نیشانەیەکە بۆ پەیوەندی نێوان ئیمراتۆرییەتی عوسمانی و سوێد.